حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
1992 ١٩٩٢

# دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ بەهێزبوونمان لە بەغدا و زامنکردنی ماف و شایستە داراییەکان
بەشدار دەبین لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ



حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران هەموومان دەنگ دەدەین

**٢٠٢١**

---

**ناميلكە:** دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک:** شۆڕش غەفووری

**شوێنی چاپ:** هەولێر

**چاپ:** ٢٠٢١ی زایینی

---

# پێڕست

**بەشی یەکەم: (خەرجی و داهات)**


خەرجیی مانگانەی حکومەت ............ ٤
داهاتی مانگانەی حکومەت ............ ٥
خەرجیی گشتیی پڕۆژەکان لە کابینەی نۆیەم ............ ٦


**بەشی دووەم: (چاکسازی)**


چاکسازی ............ ٧
خەرجیی گشتیی پڕۆژەکان لە کابینەی نۆیەم ............ ١٣
چاکسازی لە سیستەمی باج ............ ١٣
گرنگترین کارە ئەنجامدراوەکانی بواری باج ............ ١٦
ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ............ ١٧


**بەشی سێیەم: (دەستکەوتی وەزارەتەکان)**


وەزارەتی پێشمەرگە ............ ١٨
وەزارەتی ناوخۆ ............ ١٨
وەزارەتی پەروەردە ............ ٢٠
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ............ ٢٣
وەزارەتی تەندروستی ............ ٢٥
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ............ ٢٦
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ............ ٢٨
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ............ ٣٢
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ............ ٣٣
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ............ ٣٤
وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ............ ٣٥
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ............ ٣٦
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ............ ٣٧
وەزارەتی کارەبا ............ ٣٧
پڕۆژە یاسا و پێشنیاز ............ ٣٩
دەستەی وەبەرهێنان ............ ٣٩
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ............ ٤٠
فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ............ ٤١
فەرمانگەی میدیا و زانیاری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ............ ٤٣

# بەشی یەکەم

## ■ خەرجیی مانگانەی حکومەت لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١

- حکومەتـــی هەرێم، مانگانــە پێویســتی بــە نزیکــەی ٧٠٢,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکـــی هەیـە:

**یەکەم:** ٦١٧,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار بۆ مووچەی مووچەخۆران.

**دووەم:** ٦٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار بـــۆ بودجـــەی کارپێکردنـــی وەزارەتـــەکان (کڕینـــی کەلوپـــەل و خزمەتگوزارییـــەکان، چاککردنـــەوەی کەلوپـــەل و شـــمەکی دامودەزگاکانـــی میـــری، خەرجیـــی وەزارەت و دەســتە و ســەرۆکایەتییەکان، نەســریە و دەرماڵــەی وەزارەتــەکان، کڕینــی داوودەرمان، خەرجــی کارەبــا و ئاوپاککردنــەوەی شــار و شــارۆچکەکان، خەرجیی شــوێنی بێسەرپەرشــتیاران و بەســاڵاچووان و خانــەی داڵدەدانــی ئافرەتــان، خەرجیــی نەخۆشــخانە و بەندیخانـــەکان و ..تـــاد).

**سێیەم:** ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار بۆ وەبەرهێنان (پڕۆژەکانی حکومەت).

## ■ داهاتی مانگانەی حکومەت لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١

داهاتی مانگانەی حکومەت نزیکەی ٦٩٧,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکییە:
**یەکەم:** ٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار کۆی گشتیی داهاتی نەوت.
**دووەم:** ١٩٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار داهاتی ناوخۆ.
**سێیەم:** هاوکاریی مانگانەی هاوپەیمانان ١٧,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار.
**چوارەم:** لە مانگی ٧ و ٨ی ٢٠٢١، حکومەتی فیدراڵی، مانگانە ١٣٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناردووە.

**کەواتە:** داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگێک دەگاتە ٦٩٧,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار، لە کاتێکدا خەرجیی حکومەت ٧٠٢,٠٠٠,٠٠٠ دۆلارە. بەمەش حکومەت مانگانە ٥,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار کورت دەهێنێت.
**ئەگەریش عێراق پارە هەنارده نەکات، کورتهێنان دەبێتە ١٤٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار.**

## ■ خەرجیی گشتیی پرۆژەکان لە کابینەی نۆیەم

- سەرەڕای قەیرانی دارایی و نەهاتنی بودجە و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، لە سەرەتای کابینەی نۆیەمەوە تا کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ، حکومەت، بڕی ٤٣٤,٣٦٩,٠٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ ٢٧٩ پڕۆژەی جیاواز لە هەرێمی کوردستان خەرج کردووە.
- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی ٤١٣,٧١٢,٠٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ ١٦٧ پڕۆژەی جۆراوجۆری وەزارەتەکان لە سەرتاسەری هەرێم تەرخان کردووە.
- لە پەرەپێدانی پارێزگاکانیش، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ٢٠,٦٥٧,٠٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ پڕۆژەی پارێزگاکان خەرج کردووە.

# بەشی دووەم

## ■ چاکسازی

### یەکەم: چاکسازیی ئابووری

پلانی چاکسازیی ئابووری، بە شێوەیەکی ڕوون جۆری چالاکی، دامەزراوە بەرپرسیارەکان و شێوازی پرۆسەی جێبەجێکردنەکەی دەستنیشان کردووە، پلانەکە هاوتەریبە لەگەڵ کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێنج تەوەری سەرەکی لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە:

- سەقامگیرکردنی داراییە گشتییەکان و دانانی سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی.
- دروستکردنی ئابووریی هەمەجۆر و هاندانی گەشەی هەمەلایەن و بەردەوامیپێدراو.
- باشترکردن و دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی گونجاو.
- باشترکردن و زیادکردنی دەستگەیشتنی هاووڵاتیان بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

- باشترکردنی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ سوودگەیاندن بە خەڵک.
- لە پرۆسەی وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری لە لایەن بانکەکانەوە تاوەکوو ئیستا نزیکەی ٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار زیاتر گەڕاوەتەوە.

## دووەم: چاکسازی کارگێڕی

**پێداچوونەوە بە دەرماڵەکان:** ماددەی پێنج لە یاسای چاکسازی، تایبەتە بە ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان: وەزیری دارایی و ئابووری ڕاسپێردرا بۆ پێداچوونەوەی ڕەشنووسی بڕیاری ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان بە ڕەچاوکردنی تێبینیی سەرجەم وەزارەتەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، کە پێویستە ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ بڕیاری کۆتایی.

**خانەنشینی:**

- هەمووارکردنەوەی مووچەی خانەنشینیی ناوونیشانی شارەزا کە ژمارەیان ٤٩٤ خانەنشینە، پاش جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە بڕی ٤١٠,٣٦٧,٠٠٠ دینار مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاوەتەوە.
- گواستنەوەی دۆسیەی خانەنشینیی دادوەران لە ئەنجومەنی دادوەری

بـۆ بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی خانەنشـین و هەمواركردنـەوەی مووچـەی خانەنشینیان لەگـەڵ ئەندامانـی داواكاری گشـتی بـە ڕێژەی ٧٠٪ لـە مووچە و دەرماڵەكانیـان كـە ژمارەیـان ١١٣خانەنشینە و گەڕاندنـەوەی بـڕی ٨٧,٤٨٣,٠٠٠ دینـار مانگانـە بـۆ خەزێنـەی حكومـەت.

- هەمواركردنـەوەی مووچـەی خانەنشـینیی ١٠٩ خانەنشـین بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی و گەڕاندنـەوەی بـڕی ٧٧,١٢٠,٠٠٠ دینـار مانگانـە بـۆ خەزێنـەی حكومـەت.

- هـەر مووچەخۆرێـك لـە دوای ٢٠٢٠/٧/١ خانەنشـین كرابێـت، بـە پێـی یاسـای چاكسـازی - ژمـارەی ٢ی سـاڵی ٢٠٢٠ی زایینـی، مامەڵـەی خانەنشـینی بـۆ كـراوە.

- هەڵوەشاندنەوەی ئـەو یەكە ژمێریاریانەی كە لـە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیی گشـتیی خانەنشینی و وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری مووچـەی خانەنشینی خـەرج دەكـەن بـە تایبـەت لـە وەزارەتی پێشـمەرگە.

- خانەنشـینانی پلەبـاڵاكان بـە پلـەی وەزیـر، بریـكاری وەزارەت، ڕاوێـژكار، بەڕێوەبـەری گشـتی، ئەوانـەی بـە فعلـی پۆسـتیان نەبینیـوە بـە لیسـتێك كـە پێـك هاتـووە لـە ١,١٦٩ خانەنشـین، ڕەوانـەی لیژنـەی بـاڵای چاكسـازی لـە سـەرۆكایەتیی ئەنجومەنـی وەزیـران كـراوە بـۆ بڕیـاردان لەسـەر دۆسـیەكانیان.

**دوو مووچەیی:**

- بە بەشداریی هەر یەک لە نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خانەنشینی و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و فەرمانگەی تەكنەلۆجیای زانیاری، داتایەک ئامادە كراوە كە زانیاری ١٠,٦٠٩ مووچەخۆر لە ٢١,٥٨٨ كەیس لە خۆ دەگرێت، كە زیاتر لە مووچەیەک وەردەگرن:
- وەرگرتنی دوو مووچە (فەرمانبەر و فەرمانبەر): ٧٩١ فەرمانبەر لە كۆی ١,٦٣٩ كەیس.
- وەرگرتنی دوو مووچە (فەرمانبەر و خانەنشین): ٣,٩٠٩ مووچەخۆر لە كۆی ٨,١٤٧ كەیس.
- وەرگرتنی دوو مووچە (خانەنشینی و خانەنشین): ٥,٩٠٩ خانەنشین لە كۆی ١١,٨٠٢ كەیس.

**ئێستا بە فەرمانی وەزاری ئەم مووچانە ڕاگیراون تاكو ڕاستاندنی بۆ دەكرێت.**

**دۆسیەی فەرمانبەران:** گشت وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەكان بە وەزارەت دەستیان بە پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەرانیان كردووە و تا ئێستا ٣٧٨,٢٦٠ دۆسیەی فەرمانبەران وردبینییان بۆ كراوە.

**■ لە نیوەی یەکەمی کابینەی نۆیەم، لە نێو وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکاندا کار لەسەر ئەم بوارانە کراوە:**

- پێداچوونەوە و وردبینیی دۆسیەی فەرمانبەران.
- دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلیەتی وەزارەتەکان.
- کردنەوەی ئەژمێری بانکی بۆ ٤٦٠,٠٠٠ فەرمانبەر لە بانکەکان.
- کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێراکردنی ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری هاووڵاتیان.
- پێداچوونەوە بە سەرجەم ڕێنمایی وەزارەتەکان.
- چاکسازی لە بواری باج (کۆمپانیاکانی وزە و گواستنەوە و گەیاندن و ... و پابەندکردنیان بە پێدانی شایستە داراییەکان و بڕی پارەی باج و ڕەسم و سزای دواکەوتن و قەرزەکانیان).
- ڕێکخستنەوە و پێداچوونەوە و کۆنترۆڵکردنی کاروباری دەروازە سنوورییەکان و گرێبەستەکانیان و نەهێشتنی دیاردەی قاچاخچییەتی.
- دەرچوواندنی پەیڕەوی دامەزراندنی سەندوقی خانەنشینیی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- یەکخستنی یەکەکانی ژمێریاریی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ لە یەک یەکەی ژمێریاری.
- ئامادەکردنی پەیڕەوی ڕێکخستنەوەی پاسەوانی.

- گواستنەوەی دۆسیەکانی (شەهید و کۆچکردوو و خانەنشینان بە گشت جۆرەکانی و پەککەوتەی سەنگەر) بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری.
- پێداچوونەوە بە خانەنشینیی پلە باڵاکان و دانانی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بە مەبەستی دروستکردنی دۆسیەی ئەلیکترۆنی بۆ گشت خانەنشینکراوەکان.
- گرێدانی سەرجەم مووچە و منحە و شایستە داراییەکان بە سیستەمی بایۆمەتری.
- وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانی و حکومییەکان.
- کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردن بۆ نزمترین ئاست.
- دانانی سیستەمی نوێی ئۆنلاین تایبەت بە خەرجییەکان (IIS).

**تێبینی:**

**یەکەم:** هەر بەشێک لەم چاکسازی و ڕێکخستنەوەی داهاتەکان بوو کە بووە هۆی ئەوەی لە کابینەی نۆیەم و لە ماوەی پێنج مانگ، داهاتی ناوخۆی هەرێم لە ١٤٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلارەوە بگاتە ٢٤٤,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار.

**دووەم:** زۆربەی وەزارەتەکان بە هۆی چاکسازی لە دۆسیەی فەرمانبەرانیان، پارەیەکی زۆریان گەڕاندووەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت کە لێرەدا ئاماژە بە زۆریان دراوە.

## ■ خەرجیی گشتیی پڕۆژەکان لە کابینەی نۆیەم

- سەرەڕای قەیرانی دارایی و نەهاتنی بودجە و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، لە سەرەتای کابینەی نۆیەمەوە تا کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ، حکومەت، بڕی ٤٣٤,٣٦٩,٠٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ ٢٧٩ پڕۆژەی جیاواز لە هەرێمی کوردستان خەرج کردووە.
- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی ٤١٣,٧١٢,٠٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ ١٦٧ پڕۆژەی جۆراوجۆری وەزارەتەکان لە سەرتاسەری هەرێم تەرخان کردووە.
- لە پەرەپێدانی پارێزگاکانیش، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی ٢٠,٦٥٧,٠٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ پڕۆژەی پارێزگاکان خەرج کردووە.

## ■ چاکسازی لە سیستەمی باج

- دانانی باج لەسەر کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز و سکیوریتی و کارمەندانی بیانیی بواری نەوت و گاز و، کۆمپانیا و لایەنەکانی هاوردەکەر

و هەناردەکەری سووتەمەنی (بۆ هاوردەکردن ٧٪ و بۆ هەناردەکردن ٤٪ باج لە بەها وەربگیرێت).

- دانانی باج لەسەر کۆمپانیاکانی بواری ئینتەرنێت.

- دانانی باج لەسەر گوندەکانی نیشتەجێبوون (پڕۆژەکانی وەبەرهێنان) و هەڵوەشاندنەوەی لێخۆشبوون لە باجی زەویی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و پابەندکردنیان لە پێدانی باج و سەپاندنی باج لە سەر ئەو پڕۆژانەی ماوەی یاساییان تەواو کردووە کە ١٠ ساڵە.

- دانانی باج لەسەر کۆی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی نەخۆشخانەکان.

- وەرگرتنی باجی فرۆشراوەکان لە شوێنە گەشتیارییەکان.

- وەرگرتنی باجی خانووبەرە و دیوانی باجی خانووبەرە و سزادانی سەردانەکەرانی باج و وەرگرتنی باجی گرێبەستەکانی بانەوانی (عقد المساطحة).

- ڕەشنووسی هەمواری یاساکانی باج ئامادە کراوە و بەرز کراوەتەوە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان تا خوێندنەوەی بۆ بکرێت و دەنگی لەسەر بدرێت.

- لە خۆ دەگرێت ڕێکخستنەوەی ژمێرەی کۆتایی کۆمپانیاکان.

ـ ئەنجامدانی پرۆسەی گەڕانی مەیدانی بۆ تۆمارکردنی پیشەوەران.
ـ بەئەلیکترۆنیکردنی فەرمانگەکانی باج.
ـ چاودێـری و بەدواداچـوون بـۆ ڕێگریکـردن لـە خۆدزینـەوەی بـاج و جێبەجێکردنـی یاسـا و ڕێنماییـەکان و سـزادانی سـەرپێچیکاران کـە بووەتـە هـۆی:

**یەکەم:** ٢,٤٥٠ کۆمپانیا بدرێنە دادگا.

**دووەم:** دەیان ملیار دینار داهات بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.

**سێیەم:** چەندین دۆسیە بە تاوانی ساختەکاری بدرێنە دادگا.

**چوارەم:** چەندین زێدەڕۆیی لەسەر مولکی دەوڵەت نەهێڵدرێت.

**پێنجـەم:** ٤ فەرمانگـەی نوێـی بـاج لـە (شـەقڵاوە، سـێمێل، دەشـتی هەولێـر، قـەڵادزە) بکرێتـەوە.

**شەشـەم:** زیادکردنـی ئـەو کۆمپانیایانـەی لـە «بەڕێوەبەرایەتیـی گەورەباجـدەران» تۆمـار کـراون لـە ١٣٩ کۆمپانیـا بـۆ ٥٩٧ کۆمپانیـا بـۆ ئـەوەی بـە سیسـتەمی نـوێ، باجیـان لـێ وەربگیرێـت.

## ■ گرنگترین کارە ئەنجامدراوەکانی بواری باج

- سەپاندنی باج بە سەر شوێنە گەشتیارییەکان بۆ هۆتێل و چێشتخانە و شوێنە گەشتیارییەکانی چوار ئەستێرە بە سەرەوە.
- سەپاندنی باج لەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکان، وەرگرتنی باجی داهات بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە ڕێژەی ٥٪ لەسەر ڕێژەی خزمەتگوزاری.
- باجی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی نەوت چووەتە بواری جێبەجێکردن.
- ڕێکخستنەوەی باجی خاڵە سنوورییەکان.
- وەرگرتنی باجی گرێبەستە بانەوانییەکان (المساطحة) کە لە ڕابردوو وەرنەدەگیرا.
- بەئەلیکترۆنیکردنی پاکانە لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەت و کۆمپانیاکان.
- ئاراستەکردنی ٤,٩٣٦ نووسراوی ئاگادارکردنەوە بۆ قەرزارانی باج.
- بە هۆی خۆدزینەوە لە باج، ٢,٤٥٠ باجدەر دراونەتە دادگا و تا ٥,٤٩٣,٣٨٢,٤٠٠ دیناریان لێ وەرگیراوە (پارێزگای هەولێر بڕی ٥,٢٠٩,٦٦٦,٠٠٠ دینار، پارێزگای سلێمانی بڕی ١٥٣,٨٣١,٤٠٠ دینار، پارێزگای دهۆك بڕی ١٢٩,٨٨٥,٠٠٠ دینار).

## ■ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

یەکێـك لـە گرنگتریـن بەشـەکانی کارنامـەی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی بـووە، لـەم بـارەوە ئەمـە کـراوە:

- پێداچوونـەوەی سـتراتیژیی ڕووبەڕووبوونـەوەی گەندەڵـی بـە هـاوکاری UNDP.
- دەسـتکردن بـە جێبەجێکردنـی یاسـای چاکسـازی و دامەزراندنـی لیژنـەی چاکسـازی.
- بەهێزکـردن و گرنگیـدان بـە دامودەزگاکانـی وەك: چاودێریـی دارایـی، دەسـتەی دەسـتپاکی، داوکاری گشـتی و دادگاکان. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـۆردی هاریـکار بـۆ یارمەتیدانـی ئـەو دامەزراوانـە دروسـت کـراوە.
- دروسـتکردنی بۆردێکـی لێکۆڵینـەوە لـە کەیسـەکانی گەندەڵـی کـە سـەر بـە ئەنجومەنـی وەزیرانـە و تـا ئێسـتا چەندیـن کەیسـی لەبـەر دەسـتە بـۆ لێکۆڵینـەوە و ڕێـکاری پێویسـت ئەنجـام دراوە.

# بەشی سێیەم

## وەزارەتی پێشمەرگە

ـ یەکخستنی یەکە ژمێرياريیەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ بە یەك یەکەی ژمێرياری.
ـ ڕێکخستنەوەی لیستی پێشمەرگەی کەمئەندام کە ٩,٥٧٨ پێشمەرگە لە لایەن لیژنەی باڵای پزیشکی ئەو وەزارەتەوە بینراوە.
ـ دەستپێکردنی وانەی هۆشیاریی نیشتمانی لە یەکە و لیواکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی هۆشیاری.
ـ قەدەغەکردنی ئابوونەی حیزبی بە هەموو شێوەیەك.
ـ بڕیاری قەدەغەکردنی خەرجی و سەرفکردنی نەخۆشی (مەگەر بسەلمێنرێت).
ـ بڕیاری دانانی یەك ژمێرياریی سەربازیی هاوبەش کە ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەت بێت.
ـ دروستکردنی دوو لیوای تری سەر بە وەزارەت بە هاوسەنگی لیواکانی (١٥ ـ ١٧).

## وەزارەتی ناوخۆ

ـ چارەسەری کێشەکان لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵ (کێشەی تۆماری لاوەکی و ددانپێدانان

بە ڤیزەی هەرێم و گرفت و کێشەکانی نشینگە و کارتی نیشتمانی و پاسپۆرت و کەمیی میلاک).
- ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمی و کەمکردنەوەی ڕۆتین و دیاردەی بەرتیل و ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان و پلە سەربازییەکان.
- دارشتن و بەرکارکردنی یاسا ئیتیحادییەکان و هەموارکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان بە وەزارەتی ناوخۆ.
- پێداچوونەوە بە میلاك لە ڕێگەی فۆڕمێکی تایبەت بە میلاك و هەبووەکان و کەلوپەل و ئۆتۆمبێل و چەك و تەقەمەنی کە تا ئێستا ٨٥٪ی فۆڕمەکان گەڕاونەتەوە بۆ وەزارەت.
- پێداچوونەوە بە دیزاینی کوالێتیی تابلۆی ئۆتۆمبێل و گونجاندنی لەگەڵ سیستەمی تابلۆی نێودەوڵەتی.
- خولی پێگەیاندنی ئەفسەران و بە ئاکادیمیکردنی پلەبەرزکردنەوەی ئەو ئەفسەرانەی شایستەی پلەبەرزکردنەوەن لە پلەی (مقدم) بەرەوە سەرەوە و ناردنی توێژینەوەیان بو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ستانداردەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- بەئەلیکترۆنیکردنی تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران لە پلەی (رائد) بەرەو خوارەوە.

# وەزارەتی پەروەردە

## وەزارەتی پەروەردە خاوەن (١,٧٥٠,٠٥٣ قوتابی) و (١٦٢,٦١٣ مامۆستا و فەرمانبەر)ە

- دابینکردنی پێنج کورسی بە خۆڕایی بۆ منداڵانی شەهیدان و هاوسەرەکانیان لە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان.
- پێداچوونەوە و وردبینی بە دۆسیەی مامۆستا و فەرمانبەران و کێشەداربوونی (١,١١١) دۆسیە و چارەسەری و گەڕاندنەوەی ١٣٢,٠٥٦,٢٣٧ دیناری مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت (بۆ یەک ساڵ دەکاتە ١,٥٨٠,٩١١,١٦٤ دینار).
- بەسەرکردنەوە و چاودێریی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان و سزادانی ٣٨٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار لەبەر سەرپێچی.
- داشکاندنی نرخی خوێندن لە هەردوو ساڵی ٢٠٢٠ و ٢٠٢١ بە ڕێژەی ١٠٪ و ١٥٪ و ٢٥٪ لە کەرتی تایبەت.
- سزادانی پەیمانگە پیشەییەکانی سەرپێچیکار بە بڕی ٧٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار.

ـ هەموارکردنەوەی گرێبەستی قوتابخانەکانی سابیس کە بەراورد بە پێشوو ١٨,٩٠٠,٠٠٠ دۆلار لە ماوەی چوار ساڵ کەم دەبێتەوە.

ـ پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن و باشترکردنی کوالێتیی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی کارگێڕی و زانستی.

ـ پەرەدان بە خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی مامۆستا و فەرمانبەران (١,١٠٩ مامۆستا بۆ تەواوکردنی چوار کۆرسی خوێندن، ٥٠٠ مامۆستای دبلۆمدار بۆ خوێندنی زانکۆیی، مۆڵەتی خوێندن بۆ بڕوانامە بەرزەکان: دبلۆمی باڵا: ٢٣٣ کەس، دکتۆرا: ٢٥٢ کەس، ماستەر: ٩١٦ کەس)

ـ بە دیجیتاڵکردن و دامەزراندن و بەکارخستنی سیستەمی e-Parwarda و بەستنەوەی ٦,٧١٠ قوتابخانە و ١٦١,١٠٩ مامۆستا و فەرمانبەری هەمیشەیی و ١,٧٦٧,٠٥٣ قوتابی بەو سیستەمە.

ـ دانانی پڕۆژەی هەورەفێرگە بۆ گەیشتن بە پڕۆگرامەکانی خوێندن.

ـ گۆڕینی کەناڵی لۆکاڵیی پەروەردەیی بۆ کەناڵێکی ئاسمانی (یونیسێف تێچووەکەی گرتە ئەستۆ بە بڕی ٢٣٠,٠٠٠ دۆلار) و کردنەوەی کەناڵی لۆکاڵیی پەروەردەیی هەولێر و دهۆک و ڕادیۆی پەروەردەیی.

- دانانی ژووری ئەلیکترۆنی بۆ نزیکبوونەوە لە هاووڵاتی و پەروەردەکاران و بەخێوکار و کەسوکاری قوتابیان (وەرگرتنی ١,٤٦٦ سکاڵا و پێشنیار کە سەرجەمیان وەڵام دراونەتەوە).
- بەهەمیشەییکردنی ٥,٠٨٨ مامۆستای گرێبەست و خەرجکردنی شایستە داراییەکانی وانەبێژان.
- نۆژەنکردنەوەی ٥٧٥ قوتابخانە و باخچەی منداڵان و دروستکردنی ٣٨ قوتابخانە.
- دابینکردنی ٦٥,٠٠٠ ڕەحلە و ١,٥٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار لە پێداویستیی قوتابخانەکان و خەرجکردنی ٤,٩٦٣,٠١٢,٧٦٠ دینار بۆ تاقیکردنەوەکانی ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ ـ ٢٠٢٠ و ٦,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار بۆ دابینکردنی نەوت بۆ قوتابخانەکان و ٦٠,٦٠٠,٠٠٠ دینار بە مەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە گشتییەکانی قوتابیانی قۆناغی ١٢ی ئامادەیی لە قوتابخانەکانی شەنگال و ٥٤٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ پێداویستی خۆپارێزیی قوتابیان و ٢٦٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ پەروەردەی کەرکووک و ٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ قوتابخانەکان بە مەبەستی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن.

# وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وەزارەتی خوێندنی باڵا، خاوەنی (٤٨ زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگە و دامەزراوەی حکومی و تایبەت، و ١٨٤,٥٩٣ خوێندکار و ٣٠,٣٠٨ مامۆستا و فەرمانبەر)ە.**

- کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاڕالێل و ئێواران بە ڕێژەی ٤٥٪ و خوێندنی دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا بە ڕێژەی ١٠ بۆ ٢٠٪ بۆ هەردوو ساڵی خوێندنی٢٠٢٠ و ٢٠٢١.
- بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئایزۆ (ISO) بە ژمارە ٩٠٠١، بۆ هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکانی (ناوەندی وەرگرتن) و (بەڕێوەبەرایەتی نێردراوان).
- زیادکردنی ڕێژەی ٣٠٪ کورسیی پلانی خوێندنی بەرایی و وەرگرتنی ٤١,١٧٦ خوێندکار لە ساڵی ٢٠٢٠ و وەرگرتنی ٤٩,٤٩٦ خوێندکار لە ساڵی ٢٠٢١.
- وەرگرتنی ٥٣٣ خوێندکار لە ساڵی ٢٠٢٠ و ١,١٥٢ خوێندکار لە ساڵی ٢٠٢١ لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.
- ڕاگەیاندنی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و دبلۆمی باڵا و وەرگرتنی ٤,٠٨٠

پێشکەشکار.

- زیادکردنی کورسی و وەرگرتنی ٢٠٤ خوێندکار لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و ٦ وەرگیراوی نابینا.

- دابینکردنی ٢٠ کورسی دکتۆرا و ١٠ کورسی ماستەر لە حکومەتی هەنگاریا.

- ڕاهێنانی خوێندکار و مامۆستا و فەرمانبەر و توێژەر لە وڵاتی فەڕەنسا بە ئەرکی دارایی هاوبەش.

- دابینکردنی ٨ کورسی ماستەر و ٣ کورسی دکتۆرا لە وڵاتی کۆریای باشوور.

- پێشکەشکردنی سکۆلەرشیپی خوێندن لە لایەن وڵاتانی (کۆماری چینی میللی و هیند)

- هاوکاریی ڕێکخراوی ئایرێکسی ئەمەریکی بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاریی پیشەیی، مایکرۆئینتێرنشیپ و ئامادەکردنی پیشەیی ئەکادیمی و ڕێکخراوی GIZ بۆ ناوەندەکانی پەرەپێدان بۆ کار.

- ئاڵوگۆڕی مامۆستا و خوێندکار و توێژەران لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتی بەریتانیا.

- دامەزراندنی ١,٣٠٠ یەکەم تا سێیەمەکانی زانکۆ بە شێوەی هەمیشەیی.

# وەزارەتی تەندروستی

- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆڕۆنا، ٢٨,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار خەرج کراوە و هێڵی گەرمی ١٢٢ و ئامادەکردنی ٢٥٦ تیمی وەڵامدانەوەی خێرا و ٤٠ شوێن لە نەخۆشخانەکان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراون کە ڕۆژانە ٥,٠٠٠ تێستی ئەم پەتایەیان تێدا ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ وەرگرتنی ٣,٤٠٠ بوتڵی پلازما بۆ تووشبووانی کۆڕۆنا کە هەر بوتڵەی زیاتر لە ٤٠٠,٠٠٠ دیناری خەرجە.
- دابینکردنی سەبەتەی خۆراک لە کاتی بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا بۆ ٢٠٠,٠٠٠ خێزانی کەمدەرامەت.
- بەردی بناغەی نەخۆشخانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی ئامێدی بە ٤٣,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار.
- خەرجکردنی ٦٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ دابینکردنی ئامێر و دەرمان و پێویستیی نەخۆشانی شێرپەنجە.
- کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بە ڕێژەی ٢٥٪ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان.
- هەموارکردنی ڕێنمایی پێدان و نوێکردنەوەی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستیی پزیشکی و تاقیگەیی و ئامێری پزیشکی و چاودێری.
- دەرچوواندنی پرۆژەیاسای مافی نەخۆش .

# وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

## بواری چاکسازی:

- پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی ماستەرپلانی شارەکان.
- گۆڕانکاری لە جومگە کارگێڕییە باڵا و ناوەندەکان بە ڕەچاوکردنی دانانی کەسانی پسپۆڕ و پێکهێنانەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ نەگۆڕابوون.
- سیستەمی بەڕێوەبردنی جۆری (ئایزۆ) بە پێی ستانداردی ٩٠٠١:٢٠١٥.
- بەئەلیکترۆنیکردنی داتا و زانیارییەکان و ڕاییکردنی مامەڵەکان لە ڕێی DMS و پرۆگرامی تر.
- دانانی هێڵی گەرمی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان.
- دانانی پلانی ستراتیژیی گەشتوگوزار.
- دارشتنەوە و یەکخستنی سێکتەری ئاو و پێداهاتنەوە بە ئاوەڕۆکان.
- دانانی سیستەمێکی نوێ بۆ چارەسەری خۆڵ و خاشاك.

## بواری خزمەتگوزاری:

- دابینکردنی ئاوی خاوێن (لەگەڵ ئاوەڕۆ، ساڵانە زیاتر لە ٤٦٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دیناری بۆ دابین دەکرێت).

ـ کۆکردنەوەی خاشاك کە خەرجیی مانگانەی زیاتر لە ١١ ملیار دینارە.
ـ نۆژەنکردنەوەی بەردەوامی شەقام و کۆڵانەکان.
ـ پاراستن و ئاودانی بەردەوامی زیاتر لە ١,٢٠٠ پارك و باخچەی هەرێم.

**پڕۆژە خزمەتگوزارییە ستراتیژییەکان:**

ـ تەواوکردنی چەند پڕۆژەیەکی ئاو لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە.
ـ دواقۆناغی پڕۆژەی شەقامی ١٢٠ مەتری لە شاری هەولێر.
ـ بەشی یەکەمی قۆناغی یەکەمی شەقامی ١٥٠ مەتری لە شاری هەولێر.
ـ بەشی یەکەمی پڕۆژەی شەقامی ١٠٠ مەتری لە شاری سلێمانی.
ـ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژیی ئاوی ئاکرێ.
ـ لەگەڵ زیاتر لە ١,٦٠٠ پڕۆژەی گەورە و مامناوەندی دیکە.

**خەرجیی پڕۆژەکانی سێکتەری شارەوانی (لەسەر داهات، بودجەی وەبەرهێنان، پڕۆژەکانی لەسەر قەرز ـ بەشێکی کابینەکانی پێشتر):**

ـ کۆی خەرجییەکانی سێکتەری شارەوانی: ٢,١٣٠,٩٣٥,٦٦٩,٢٢٦ دینار
ـ خەرجیی کۆی پڕۆژەکانی سێکتەری ئاو: ٢,٨٨٧,٠٣١,٤٧٧,٢٩٥ دینار
ـ خەرجیی کۆی پڕۆژەکانی سێکتەری گەشتوگوزار: ٣٨,٨٧٨,٥١٠,٠٠٠ دینار
ـ خەرجیی کۆی پڕۆژەکانی سێکتەری شوێنەوار: ٥,٠٥٦,٨٤٥,٦٥٦,٥٢١ دینار

# وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

## پڕۆژە و خزمەتگوزاری:

- دامەزراندنی ٣ پڕۆژەی بەبازاڕکردنی گەنم لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك کە هەر یەکەی ٥٠٠,٠٠٠ تۆن گەنم لە ساڵێك وەردەگرن بۆ ئاردی سپی و بەرهەمە دروستکراوەکانی گەنم.
- ڕێککەوتن لەگەڵ کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر و شارەزوور بۆ کڕینەوەی بەروبوومی تەماتەی جوتیارانی هەرێم.
- پڕۆژەی بەرهەمهێنانی شەکر لە چەوەندەر لە ڕاپەرین و ڕەخساندنی ٨,٠٠٠ هەلی کار.
- بەکرێدانی گەنجینەکانی گردەبۆر بە کەرتی تایبەت بە ٤٠٦,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ هەڵگرتنی بەرهەمی زیادەی جوتیاران و پاراستن لە خراپبوون و ڕەخساندنی ٤٠٠ هەلی کار.
- پڕۆژەی متەکامل و پێدانی مۆڵەت بۆ هێلکەی خواردن لە سلێمانی و خەلەکان و هەڵەبجە (بۆ بەرهەمهێنانی ١,٥٠٠,٠٠٠ هێلکە ـ ڕۆژانە کە پێویست بە هێلکەی دەرەوەی وڵات نەکات) و دانانی باج لەسەر هێلکەی هەڵهێنەر، بەم هۆیەوە ١٣ پڕۆژەی ستراتیژیی ناوخۆیی دەست بە کار

بوونەتـەوە و سـەدان هەلـی کار ڕەخسـێنراوە.
- ٢٠٦ پڕۆژەی ستراتیژیی بواری پەلەوەر و کشتوکاڵ.
- ٣٤٠ گرێبەستی کشتوکاڵی.
- پـڕۆژەی متەکاملـی گاوداری بـۆ بەرهەمهێنانـی شـیر و گۆشـت لـە یـاران بـەگ.
- پڕۆژەی بەرهەمهێنانی مریشکی تازە بە سیستەمی ڤاکیۆم لە هەولێر.
- پڕۆژەی بەرهەمهێنانی ١٠٠,٠٠٠ پەنجە ماسی لە دهۆك.
- ئامادەکردنی نەخشەی بەرهەمی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی پارێزگاکان.
- واژۆکردنـی یادداشـتێک لەگـەڵ وڵاتـی هۆڵەنـدا و وەبەرهێنەرێـك بـۆ دروسـتکردنی خانـووی شووشـەیی و بەرهەمهێنانـی بەروبوومـی کشـتوکاڵیی چـوار وەرزە.
- کردنـەوەی عەلـوەی هاوچەرخـی هەولێـر لـە سـەر ڕووبـەری ٣٠٠ دۆنـم زەوی و ٥٠,٠٠٠ هەلـی کاری ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ.
- ئەنجامدانـی پـڕۆژەی دانانـی بارکـۆد و سـتیکەر لەسـەر بەرهەمـی ناوخۆیـی مریشـك.
- گرێبەست لەگـەڵ پێنـج کۆمپانیـای بەرهەمهێنانـی پەتاتـە بـۆ کڕینـەوەی بەرهەمـی ناوخۆیـی.
- دابەشـکردنی ٥,٥٠٠ تـۆن لـە بنەتـۆی گەنـم بـە سـەر ٤,٥٠٠ جوتیـار و

خاوێنکردنـەوەی ٢,٢١٧ تـۆن گەنمـی بنەتـۆ بـۆ جوتیـاران.
ـ ئەنجامدانـی ١٦٣ توێژینـەوە و ١,٤٤٣ خـول و ڕاهێنـان و ڕوونکردنـەوەی کێڵگەیـی و پێشـانگە و سـیمینار بـۆ فەرمانبـەر و جوتیـاران.
ـ بەرهەمهێنـان و دابەشـکردنی ملیۆنێـک نەمامـی باخـداری و نەمامـی دارسـتان بـۆ جوتیـاران و هاووڵاتیـان.
ـ خزمەتکردن و ئامادەکردنی ٣٠,٠٠٠ دۆنم دارستانی دەستکرد.
ـ پێدانـی نایلونـی حـەراری و پەیـن و قرچـەر و کەرەسـتەکانی باغـداری و ئامێـری پەتاتەچانـدن و هەڵکەنـدن بـە ٦٠,٠٠٠ جوتیـار.
ـ کردنـەوەی بـازاڕی میللـی لـە دهـۆک، هەڵەبجـە و گەرمیـان بۆ جوتیـاران بـە مەبەسـتی بەبازاڕکردنـی بەرهەمەکانیان.
ـ سـەرکەوتنی پـڕۆژەی چاندنـی پەتاتـە لـە ٢٠٠ خانـووی پلاسـتیکی و بەدەسـتهێنانی ٢٤٠ تـۆن پەتاتـە.
ـ دامەزراندنـی گەنجینـەی ساردکەرەوەی پەتاتـەی پیشەسـازی بـە توانـای هەڵگرتنـی ١٠,٠٠٠ تـۆن و ڕەخسـاندنی ١,٢٠٠ هەلـی کار.
ـ دامەزراندنـی کارگـەی شـەکری چەوەنـدەری بتوێـن و ٨,٠٠٠ هەلـی کار، کـە توانـای وەرگرتنـی ٥,٠٠٠ تۆنـی لەسـەر ڕووبـەری ٦٠,٠٠٠ دۆنـم زەوی هەیـە.
ـ بـە هەمیشـەییکردن و ئەنجامدانـی ڕێکارەکانـی ١٧١ پزیشـکی ڤێتەرنـەری لەسـەر میلاکـی وەزارەت.

- قەدەغەکردن و دانانی باجی پێویست لەسەر بەرهەمی هاوردە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرهەمی ناوخۆیی.
- دروستکردنی بۆردی باڵای پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێم.
- دابینکردنی ٣٣٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ قرکەری دەرمانی سن و کیسەلە بۆ پاڵپشتی بەرهەمی جوتیاران لەسەر پارەی ٢%ی پارەی بنەتۆی گەنمی جوتیاران.
- تەرخانکردنی ٣٨٦,٩٢٥,٠٠٠ دینار بۆ هەڵمەتی ڕشاندنی دژە نەخۆشییەکان و کوتان.

**بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو:**

- ئامادەکردن و ناردنی لیستی ٣٢ پڕۆژە بە بڕی ٣١,٧٣٦,٠٠٠,٠٠٠ دینار (ئەو پڕۆژانەی ٨٥٪یان تەواو بووە).
- تەرخانکردنی نزیکەی ٣٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ تەواوکردنی ١٢ پڕۆژەی بەنداو لە هەرێم.
- دروستکردنی بەنداوی باوەنوور و گۆمەسپان و دێوانە.
- تەرخانکردنی زیاتر لە ٢,٢٨٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی چارەسەرکردنی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان.

# وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

- پڕۆژەکانی ڕێگەوبان لە هەرێم بە گوژمەی ٧٠٠,٣٣٧,٠٠٠,٠٠٠ دینار.
- تەواوکردنی ١٣٠ پڕۆژەی جادە لە هەرێم کە ١,٠٦٤,١٧ کیلۆمەترە بە بودجەی ٣١٨,٣٣٧,٠٠٠,٠٠٠ دینار.
- ٧ پڕۆژەی نیشتەجێکردن و بیناسازی بە گوژمەی ٩٤,٤٢٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار.
- کاراکردنی سەندوقی پاڵپشتیی ڕێگەوبان کە ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لە بواری چاککردنەوەی ڕێگەوبان.
- دەستکردن بە پرۆسەی دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەر لە هەرێم بە ٦ قۆناغ (لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، لێکۆڵینەوەی بەهای ئابووری، بانگەواز بۆ وەبەرهێنەران، نەخشەکێشان، ئەنجامدان، بەگەڕخستن) و ئێستا لە قۆناغی دووەمدایە.
- هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی سیستەمی دانانی بۆردی ڕێکلام لەسەر لاتەنیشتی ڕێگەوبانە دەرەکییەکان (کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی).
- چاوخشاندنەوە بە فایلی فەرمانبەران (لە ٣٤٣ فەرمانبەر کە کێشەدار بوون، بڕی ٤١,٠٠٠,٠٠٠ دیناری مانگانە گەڕێنراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت).

# وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

- دروستکردنی ١١ ناوچەی پیشەسازیی خۆراک لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان.
- دامەزراندنی ٢,٣٥٠ کارگە (١,٨٠٠ بچووک و ٤٠٣ مامناوەندی و ١٤٧ی گەورە) لە هەرێمی کوردستان و ٢٧,٠٤٦ هەلی کار.
- پێدانی ٦٠٨ ژمارەی هێمای بازرگانی لە هەرێم (٣٨٤ کۆمپانیای خۆماڵی و ٢٢٤ کۆمپانیای بیانی).
- دروستکردنی ژێرخانی پیشەسازیی شار و شارۆچکەکان بە گوژمەی ١٨,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار.
- دروستکردنی پێنج سایلۆ لە شارەکانی دهۆک، هەڵەبجە، زاخۆ، کفری و هەریر کە هەر سایلۆیەی تێچووەکەی نزیکەی ٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینارە.
- خزمەتگوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازیی سێ ـ لای ڕاست بە گوژمەی ٨,٢٤٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار.
- چاودێریی شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان: (٦٠٤ کارگە ئەنجام دراوە و ٦,٤٤٨ نموونە پشکنینی تاقیگەیی بۆ کراوە و ٧٢,٣٩٥ شوێنی بازرگانی بچوک سەردانی کراوە و سزای ١,١٨١ شوێن و دەستبەسەرداگرتن و لەنێوبردنی ٣٣١ تۆن کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو ئەنجام دراوە).

# وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

- پێداچوونەوە بە دۆسیەی ٥,١٢٢ فەرمانبەر، کە بەو هۆیەوە ٥٠,٧٤٨,٧٥٠ دینار گەڕێندراوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.
- ١١ کۆمپانیا دراونەتە دادگا و دۆسیەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە.
- ئاگادارکردنەوەی کۆمپانیاکان و گەڕاندنەوەی ٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار بۆ خەزێنەی حکومەت.
- هەمواری گرێبەستی کۆمپانیای تارین و IQ network و ١٦١,٠٠٠,٠٠٠ دیناری مانگانە کەم کرایەوە لە حکومەت کە دەیدا وەک کرێ و زیادکردنی باند کە تارین دەیداتە حکومەت لە ١٠ گێگا بایت بۆ ١٤ گێگا بایت لە چرکەیەکدا.
- دانانی باجی ٢٠٪ی فرۆشتن لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل و کۆمپانیاکانی ئینترنێت.
- دانانی بەهای بەدەستهێنانی مۆڵەتی کارکردن بۆ دابەشکردنی ئینترنێت بە ڕێژەی ١٣٪ لەسەر کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینترنێت.
- کەمکردنەوەی ٤٠٪ی خەرجی و زیادکردنی داهات لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی (لە ١,٨٧٦,٩١٠ دۆلار، ٧٤٤,٨٨٠ دۆلار کەم کرایەوە).

- چاکسازی لە چەندین بەشی تێرمیناڵ و بەشەکانی تری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی بە بڕی ٢٧٠,٥٤٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار.

**دروستکردنی پڕۆژە:**

- پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگەکانی فڕۆکەخانە M3 و M4 و خەرجکردنی ٢,٠٣٥,١٢٧,٠٠٠ دینار بۆی.
- خەرجکردنی بودجەیەک بۆ نووسینگەی کەشناسی بۆ پڕۆژەی کڕین و دانانی سیستەمی AWOS.

## وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان

- دەرچوواندنی گشت پەیڕەو و ڕێنمایی تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی میراتگریی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراو و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی.
- هەڵوەشاندنەوەی مینحەی ١٣,٢٨٢ بەخێوکەر و گەڕاندنەوەی ٩٩٦,١٥٠,٠٠٠ دیناری مانگانە بۆ خەزێنەی حکومەت.

# وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

پێداچوونـەوە بـە دۆسـیەی ٧,٠٣٩ فەرمانبـەر کـە بـەو هۆیـەوە ١٧١,٢٥٠,٠٠٠ دینـار مانگانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ خەزێنـەی حکومـەت.

- وردبینیـی دۆسیەی ٥,٨٦٩ فەرمانبـەر کـە تیایـدا ٧٩١ فەرمانبـەر پلـەی زیـادە و ٥٨٣ فەرمانبـەر سـەرە مووچـەی زیـادەی پـێ دراوە و بـەو چاکسـازییانە بـڕی ١٧١,٢٥٠,٠٠٠ دینـار بـۆ خەزێنـەی حکومـەت دەگەڕێتـەوە.
- ئاگادارکردنـەوەی کەناڵـە میدیاییـە بیسـتراو و بینـراو و کۆمپانیاکانـی ڕێکلامکـردن بـە مەبەسـتی بەکارنەهێنانـی گۆرانـی و ئـاوازی فۆلکلـۆر و هونەرمەندانـی کوردسـتان بـە مەبەسـتی ڕێکلامـی بازرگانـی.
- ئاگادارکردنـەوە و سزادانی ئـەو کەناڵـە میدیاییانـەی کـە هانـی توندوتیژی و توندڕۆییـان دەدا و دژی دابونەریـت و ئادابـی کـوردەواری بەرنامەیـان پەخـش دەکـرد.
- ئامادەکردنـی پـڕۆژەی ڕێبـەری کاری میدیایـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، ئـەو پڕۆژەیـە کاری میدیایـی ڕێکخسـتۆتەوە و ڕێنماییەکانـی تایبـەت بـە مۆڵەتـی ڕادیـۆ و تەلەڤزیـۆن، ڕێکلامـی بازرگانـی، میدیـای ئەلیکترۆنـی و فریکوێنسـیی سپەیسـی لـە خـۆ گرتـووە.

## وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

- پێداچوونەوە بە دۆسیەی ١٢,٢١٠ فەرمانبەر کراوە و بەو هۆیەوە ١٢,٦٤٨,٠٠٠ دینار دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت.
- پێداچوونەوە بە کرێی موڵکەکانی وەزارەت و گونجاندنیان لەگەڵ بازاڕ.

## وەزارەتی کارەبا

پێداچوونەوە بە دۆسیەی ١٤,٤٧٥ فەرمانبەر و دوای وردبینیی دۆسییەکان دەرکەوت ٢٣٤ فەرمانبەر بە شێوەیەکی نایاسایی پلەبەرزکردنەوەیان بۆ کراوە و مووچەیان بۆ زیاد کراوە و چەندین هەنگاوی جددی نراون لە بواری تەکنیکی و زیادکردنی داهات:

- ٩ پرۆژە لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و ئیدارەی گەرمیان کە هەندێکیان تەواو بوون و هەندێکیشیان بەردەوام کاریان تێدا دەکرێت.
- خشتەی زانیاریی پرۆژەکانی هەولێر، دهۆک و گەرمیان و سێکتەری

گواستنەوەی وزەی کارەبا و وێستگەی ناوەندی ١٣٢ و ٣٣ کەی.ڤی بنیادنانی زیاتر لە ١٨ وێستگە و فراوانکردنی چەندین وێستگەی دیکە ونۆژەنکردنەوەیان.

- لابردنی ٨,٣٧٥ سەرپێچی سەر تۆڕەکانی کارەبا و وەرگرتنی بڕی پارەی ١,٣٥٥,٩٤٦,٣٦٣ دینار.
- تا ئێستا ٩١٠,٠٠٠ پێوەری زیرەك بۆ هاوبەشانی کارەبا بەستراوە کە بە گشتی ١,٦٤٠,٤٨٨ هاوبەش لە هەموو هەرێمی کوردستان هەیە.
- ٩ گرێبەست لەسەر داهات بۆ پەرەپێدان و کارکردن لە سێکتەری کارەبا.
- ١١ گرێبەست لە بواری تەندەرین و بانگەواز ئەنجام دراوە.
- داهات تا نیوەی یەکەمی ٢٠٢١ی زایینی، ٤٦٥,٦٢٠,٩٤٤,٧٨٩ دینار بووە.
- بە پێداچوونەوەی گرێبەستەکان، نزیکەی ١,٦٩٠ مێگواتی تازە زیادی کردووە بێ ئەوەی هیچ سووتەمەنییەک لەسەر حکومەت بێت و هەروەها نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار ساڵانە بۆ حکومەت گەڕێندراوەتەوە.
- دامەزراندنی پڕۆژەی ژووری کۆنترۆڵی ناوەندی بۆ هەرێم لە سەر قەرزی یابانی بە گوژمەی ٥,٠٠٠,٠٠٠ یۆرۆ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١١ کرایەوە.

# پرۆژە یاسا و پێشنیاز

تا ئێستا ٦٩ پێشنیاز و پرۆژەیاسا بۆ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان هاتوون کە بەم شێوەیە کاریان لەسەر کراوە:

ـ ٢٤ پێشنیازی یاسا گەڕاوەتەوە پەرلەمان تا پێداچوونەوەی بۆ بکرێت یان کاری لەسەر بکرێت و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

ـ ١٧ پرۆژە یاساو پێشنیاز ئاراستەی سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە تا بخرێنە بەرنامەی کارەوە و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێن بۆ تەشریعکردن.

ـ هەموو پرۆژەیاساکان نێردراون بۆ ئەنجومەنی شورای هەرێم بۆ پێداچوونەوە و وەرگرتنی ڕاوسەرنج تا بنێردرێنە ئەنجومەنی وەزیران

ـ ١٠ پێشنیاز ئاراستەی وەزارەتەکان کراوە و بۆ وەرگرتنی ڕاوسەرنجیان.

# دەستەی وەبەرهێنان

ـ لە کابینەی نۆیەم لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٨ تا ٢٠٢١/٤/١، ٦٢٠ پرۆژە پەسەند و ٧٧ پرۆژە هێشتا پەسەند نەکراون و ٥٩ پرۆژەش بڕیاریان لەسەر نەدراوە:

**یەکەم:** مۆڵەتی کارپێکراو : ١١٩ مۆڵەت دراوە بە سەرمایەی ٢,٨٧٤,٠٠٠,٠٠٠ دۆلار لەسەر ڕووبەری ٦,٠١١ دۆنم زەوی.

**دووەم:** مۆڵەتی هەڵوەشاو: ٣١ مۆڵەت.

## دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

- مۆڵەت و ڕێگەپێدان و ڕەزامەندی بۆ ٢,٤٢٤ پرۆژەی بواری (پیشەسازی، پیشەسازیی خۆراک، خزمەتگوزاری، نیشتەجێکردن، بازرگانی، کشتوکاڵ، تەندروستی هەروەها مۆڵەتی ڕاو و گواستنەوەی دار و بیری قووڵ و هەروەها مۆڵەتپێدانی بەشی تیشک) لە هەرێم.
- ٧٧٩ کەیس و سکاڵای دادگا: ٦٧ سزا و پێبژاردن و ١,٠٦١ بەڵێننامە پڕکردنەوە.
- کۆی گشتی پێبژاردن بۆ خاوەن پرۆژەکان لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم تا ٢٠٢١/٤/١ بریتی بووە لە: ١٤٤,٥٤٧,٢٣٧ دینار.
- چاودێری و بەدواداچوون و پشکنین بۆ ٤,٢٢٩ پرۆژە (کشتوکاڵی، بازرگانی، پیشەسازی، خزمەتگوزاری، تەندروستی و پاڵاوگەکانی نەوت و هتد) بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنماییە ژینگەییەکان.
- پشکنینی تاقیگەیی بۆ ٤,٧٣٤ نموونە و پشکنینی گشتی بۆ ٤٦,٦٥٢

نموونە کراوە (پشکنینی کیمیایی خاک و بەکتریۆلۆجی ئاو و کیمیایی ئاو ) و چەند جۆری تری پشکنین لە تاقیگەی فەرمانگەی شارەکان ئەنجام دەدرێن.
- ڕێژەی لەبری سەوزکردن بۆ ئەو کارگە و پڕۆژانەی شوێنی سەوزکردنیان نییە = (٦,٤٥٠) مەتری دووجایە.

## فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

- پەسەندکردنی نزیکەی ٩٥,٠٠٠ بەڵگەنامە (بۆ دەرەوە و ناوخۆی هەرێم).
- ئەنجامدانی نزیکەی ٣,٠٠٠ داواکاری مۆڵەتی جۆراوجۆر (لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم).
- ئاسانکاریی وەرگرتنی زەمالەی خوێندن و خولی ڕاهێنان (ڕاستەوخۆ و بە ئۆنلاین) لە وڵاتانی بیانی بۆ کارمەندانی حکومەت.
- هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی بۆ گەڕاندنەوە تەرمی هاووڵاتیان بۆ هەرێمی کوردستان (٣٠ کۆچکردووی پەتای کۆڕۆنا، ١٧ کۆچکردووی نەخۆشی و ١١ کۆچکردووی ڕێگای نایاسایی و ئاسانکاریی ناردنەوەی ٥٠ کۆچکردووی بیانی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان).

ـ هاوکاریی پرۆسەی گەیشتن و کۆکردنەوەی هاوکارییە مرۆیی و پەروەردەیی و پزیشکییەکانی وڵاتانی بیانی بۆ حکومەت و وەزارەتەکان و ئاوارە و پەنابەرانی ناو کەمپەکان.
ـ ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەتی نێس فۆریوم (NES FORUM) بۆ گەیاندنی هاوکاری بە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ دەیان کەس (سەدان تەن خۆراک و دەرمان و پێویستی تر).
ـ دابینکردنی هەزاران ژەم لە ڤاکسێنی دژە کۆرۆنا بۆ حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی کۆنسوڵخانەی وڵاتانی بەخشەر و گەیاندنەوەی بە کوردستان.
ـ هاوکاری و ئاسانکاریی شاندە فەرمییەکانی حکومەت و دابینکردنی ڤیزا و گواستنەوە و هاتوچۆیان لە ڕێگەی نوێنەرایەتییەکانی حکومەت.
ـ ئەنجامدانی زیاتر لە ٥٠٠ کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدار و نوێنەرایەتی و نوێنەری وڵاتان و نێردە دیپلۆماسییەکان.
ـ گەڕاندنەوەی زیاتر لە ٣,٠٠٠ هاووڵاتی کوردستانی لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی هەرێم و عێراق و بە پێچەوانەشەوە کارئاسانی بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکی بیانی بۆ وڵاتەکانیان لە کاتی کۆرۆنا.
ـ بەهاناوەچوونی دەیان هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان کە لە سنوورەکانی نێوان بیلارووسیا و لیتوانیا و سوریا گیریان خواردبوو و گەڕاندنەوەیان و گرتنەئەستۆی تێچووی گەڕاندنەوەکەشیان.

## فەرمانگەی میدیا و زانیاری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

- پـڕۆژەی پۆرتاڵـی یەکگرتـووی حکومـەت: GOV.KRD تـا هاووڵاتیـان و وەبەرهێنـەران و گەشـتیاران بتوانـن لـە ڕێگـەی هەمـان پۆرتاڵـەوە خزمەتگوزارییـان پێشـکەش بکرێـت و گوتـاری حکومـەت یـەک بخرێتـەوە و ڕێگـری بکرێـت لـە بەفیڕۆدانـی سـامانی گشـتی. ئـەم پۆرتاڵـە بـە سێ زمانـی کـوردی، عەرەبـی و ئینگلیـزی و زیاتـر لـە ٩٠ وێبسـایت لەسـەر یـەك پۆرتـاڵ پێـک دێـت کـە تـا ئێسـتا زیاتـر لـە ٥،٠٠٠،٠٠٠ جـار بابەتەکانـی خوێندراونەتـەوە یـان سـەیر کـراون.
- جێبەجێکردنی پڕۆژەی قۆناغی دووەمی بایۆمەتری.
- پڕۆژەی پێناس و کۆدی دیجیتاڵی بۆ هاووڵاتیان.
- پـڕۆژەی سیسـتەمی کۆنتڕۆڵـی خەرجییەکان کە لایەن گشـت دامودەزگاکانی حکومـەت بـە کار دێت.
- پڕۆژەی داتاسەنتەری سەرەکی بە تایبەتمەندی تی.سێ.
- پـڕۆژەی سیسـتەمی کۆنتڕۆڵـی ڤیـزە و هاتنـەژوورەوەی وەزارەتـی ناوخـۆ ECS کـە پێنـج سیسـتەم لـە خـۆ دەگرێـت.



فەرمانگەی میدیا وزانیاریی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٠٢١